# التواجد البريطاني في الشرق الأوسط وكوردستان (١٨٣١–١٩٣٩)

هردي حمه أمين فتاح
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كوردستان، العراق.
hardimuhamad78@gmail.com
د. هێرش عبدالله حمه كريم
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كوردستان، العراق.
hersh.hamakarim@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: بريطانيا، كوردستان، الكورد، العراق، الشرق الأوسط.

**كيفية اقتباس البحث**
فتاح , هردي حمه أمين , هێرش عبدالله حمه كريم , التواجد البريطاني في الشرق الأوسط وكوردستان (١٨٣١–١٩٣٩) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

## The British Presence in the Middle East and Kurdistan (1831–1939)

**HARDI HAMA AMIN FATAH**
**Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.**
**hardimuhamad78@gmail.com**

**D. Hirash Abdullah Hama Karim**
**Department of History, College of Humanities, Sulaymaniyah .University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq**
**hersh.hamakarim@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Britain, Kurdistan, Kurdish, Iraq, Middle East.

**How To Cite This Article**
FATAH , HARDI HAMA AMIN ,Hirash Abdullah Hama Karim ,The British Presence in the Middle East and Kurdistan (1831–1939 ),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

In the 19th century, Britain was an empire that sought to exert influence across the globe, even in regions it did not directly colonize. Although the British had not occupied the Ottoman Empire at that time, they maintained significant influence over its policies. With the outbreak of World War I, Britain promptly implemented a policy of occupying Ottoman territories, and following the war, they partitioned the empire into several new states.

As Kurdistan was part of the Ottoman Empire, it was simultaneously a subject of British policy within that realm. When Britain began partitioning Kurdistan—driven by its own strategic interests and its specific perspective on the Kurdish issue—it annexed each part of Kurdistan to a different regional state. This policy persisted even as

Britain eventually moved toward decolonization and the relinquishment of its global empire.

This research attempts to answer the question: What was Britain's policy toward the Kurdish issue? Utilizing a historical-descriptive and analytical method, the study concludes that according to the strategic maps and plans implemented by the British both before and after World War I, they opposed any Kurdish uprising, protest, or political movement that threatened their interests, employing all possible means to suppress them. In certain instances, however, they provided initial or superficial support to Kurdish movements merely as a tool of pressure to bring other regional powers into alignment with their objectives.

**خلاصة**

كانت بريطانيا في القرن التاسع عشر إمبراطورية تسعى لبسط نفوذها في جميع أنحاء العالم، حتى في المناطق التي لم تستعمرها بشكل مباشر. ورغم أنها لم تحتل الدولة العثمانية في ذلك الوقت، إلا أنها مارست تأثيراً كبيراً على سياساتها. ومع اندلاع الحرب العالمية الأولى، سارعت بريطانيا إلى تنفيذ سياسة احتلال الأراضي العثمانية، وعملت بعد الحرب على تقسيم الإمبراطورية إلى عدة دول ناشئة.

ونظراً لأن كوردستان كانت جزءاً من الدولة العثمانية، فقد كانت في الوقت ذاته موضوعاً للسياسة البريطانية ضمن ذلك النطاق. وعندما شرعت بريطانيا في تقسيم كوردستان — مدفوعة بمصالحها الاستراتيجية ورؤيتها الخاصة للقضية الكوردية — قامت بإلحاق كل جزء منها بدولة إقليمية مختلفة. وقد استمرت هذه السياسة حتى مع توجه بريطانيا لاحقاً نحو إنهاء الاستعمار والتخلي عن إمبراطوريتها العالمية.

يحاول هذا البحث الإجابة على التساؤل الآتي: ما هي طبيعة السياسة البريطانية تجاه القضية الكوردية؟ وباعتماد المنهج الوصفي التحليلي التاريخي، يخلص البحث إلى أنه وفقاً للخرائط والخطط الاستراتيجية التي نفذها البريطانيون قبل الحرب العالمية الأولى وبعدها، فقد عارضوا أي انتفاضة أو احتجاج أو حركة سياسية كوردية تهدد مصالحهم، واستخدموا كافة الوسائل الممكنة لقمعها. ومع ذلك، قدموا في حالات معينة دعماً أولياً أو سطحياً للحركات الكوردية، ليس إلا كأداة ضغط لترويض القوى الإقليمية الأخرى وجعلها تتماشى مع أهدافهم.

**ئامادەیی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستاندا (١٨٣١ –١٩٣٩) .**

هەردی حمەأمين فتاح
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
hardimuhamad78@gmail.com
د. هێرش عبدالله حمه كريم
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
hersh.hamakarim@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لە سەدەی ١٩ بەریتانیا ئیمپراتۆریەتیەک بوو، ئەگەر لە هەموو شوێنێکی جیهان داگیرگەی نەبووبێ، ئەوا هەوڵیداوە کاریگەری هەبێ. ئەگەرچی بەریتانییەکان دەوڵەتی عوسمانییان داگیرنەکردبوو، وەلێ کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی ئەودەوڵەتەوە هەبوو. کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی ڕویدا، بەریتانیەکان دەست و برد سیاسەتی داگیرکردنی ناوچەکانی عوسمانییان خستە بواری جێبەجێکردن و دوای جەنگیش دەوڵەتەکەیان دابەش کرد بەسەر چەند دەوڵەتێکی نوێدا. کوردستان کاتێک بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، هاوکات بەشێک بوو لە سیاسەتی بەریتانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کاتێکیش بەریتانیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و تێڕوانینی بۆ پرسی کورد دەستیکرد بە دابەشکردنی کوردستان، هەر پارچەیەکی کوردستانی دا بە دەوڵەتێکی ناوچەکە. لەم سیاسەتەی بەردەوام بوو تا ئەوکاتەشی لەگەڵدا بێ، کە بەریتانیا دەسبەرداری ئیمپراتۆریەت و داگیرکاری بوو لە جیهاندا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو پرسیارە وەڵامبداتەوە، ئایا سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر پرسی کورد چۆن بوو؟ توێژینەوەکە بە میتۆدی مێژووی وەسفی شیکاری نوسراوە. لە ئەنجامدا گەیشتوینەتە ئەوڕایەی کە بە پێی و ئەو نەخشەو پلانە ستراتیژییانەی بەریتانیەکان جێبەجێیان دەکرد لە پێش جەنگی یەکەم و دوای جەنگیش، دژی هەر ڕاپەرین و نارەزایی و جوڵانەوەیەکی سیاسی کورد بوون کە مەترسی ئەخستە سەر بەرژەوەندییەکانیان و هەموو ڕێگاو شێوازێکیان بۆ دامرکانەوەی ئەگرتەبەر، هەندێك جاریش پشتیوانیەکی سەرەتاییان ئەکرد، بۆ فشاروهێنانە ژێرباری هێزو وڵاتەکانیتری ناوچەکە.

ووشە سەرەکیەکان: بەریتانیا، کوردستان، کورد، عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**پێشەکی:**

بەریتانیا سەرەتا وەک دەوڵەتێکی هەژموونگەرا هاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، دواتر و لە میانی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو بە داگیرکەر لە ناوچەکە و کوردستانی دابەش کرد. لە دوای جەنگی دوومی جیهانی، قۆناغی داگیرکاری بەریتانی بەرەو کۆتایی ڕۆیشت، ئینجا بەریتانیا کەوتە ڕێکەوتنی دوو لایەنە لەگەڵ دەوڵەتە تازە سەربەخۆکان و لەم نێوەندەشدا کەم تا زۆر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە گرنگی بە پرسی کورد دەدا.

توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ قۆناغ . وەك قۆناغی **هەژمون** (١٨٣١-١٩١٤) کە تیایدا سیاسەتی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت خراوەتە ڕوو، کە سێ بەشی کوردستانی گرتۆتەوە، لەو ماوەیەدا بەریتانیەکان توانییان باڵادەستی و هەژمونی خۆیان زۆر فراوان بکەن و دەستوەردانیان لەکایەی حوکمڕانی ناوچەکەدا بگاتە ئاستێکی باڵا . لەپاشان قۆناغی **جەنگ** دەست پێدەکات، لە (١٩١٤- ١٩١٨) و ئەو دۆخە باسدەکات کە بەکرداری بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی توانییان کۆتایی بە حوکمداری دەوڵەتی عوسمانی بهێنن و لەڕووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی ناوچەکەبکەن. هەروەها لە قۆناغی **داگیرکاریشدا** ( ١٩١٨- ١٩٣٩) باس لە سیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکەو عێراق و کوردستان کراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە گرنگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەرخەری سیاسەت و پلانەکانی بەریتانیایە لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستاندا، ڕۆڵی ئەو لە دیاریکردنی نەخشەی سیاسی و چارەنوس و فاکتەرەکانی دابەشکاری کوردستاندا.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** گرنگی و بایەخ پێدانی بەریتانیەکان بە کوردستان و ناوچەکە بۆچی دەگەڕێتەوە و لە کەیەوە دەستی پێکردوە؟ ئایا بەریتانیەکان ڕۆڵێکیان هەبوە لە دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی کوردستان و گەلانیتری ناوچەکە؟ وە ئایا لەو ماوەیەدا دیدو تێڕوانینی سیاسیانەی بریتانیا بەرامبەر بەکورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بریتیە لە گەیشتن بە چۆنیەتی تێڕوانیین وبیرکرنەوەی سیاسیانەی بەریتانیەکان، و ئەوئاڵوگۆڕانەی لەبیری سیاسی و جوگرافیانەی ئەوان سەبارەت بە کوردستان لەماوەی ئەو سەدەو نیوەی کە هاتونەتە کوردستان و ناوچەکە، وە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسی کورد و کاریگەری و دەستی ئەوان لە دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە. ڕەنگدانەوەی ئەو پەیمان و ڕێکەوتنانەی لەو ماوەیەدا لەگەڵ حکومەت و گەلانی ناوچەکە بەستراون لەسەر کودستان.

**یەکەم: هەژمون ١٨٣١- ١٩١٤**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆندا وەک ناوچەیەکی ترانزێت و ناوەندێکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەرهەمی کێڵگە و دارستان و کانەکانی، گرنگییەکی بنەڕەتیان هەبوو بۆ ئابووری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ڕێگای کاروانەکان بووە لە کەنداوی فارسەوە بۆ بەندەرەکانی (لیڤانت- کە مەبەست کەنارەکانی شام و لوبنان و فەلەستین و ئوردنی ئێستایە) و بەشێکی زۆری بازرگانی نێوان ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی دووریان هەڵگرتبوو (Henderson, 1948: 55). بایەخی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەیوەست بوو بە گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان. کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە ناوەندییەکەی لەنێوان ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و قاجاری، وەک ناوچەیەکی جیاکەرەوە بووە جێی سەرنجی هێزەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز. لەم سەدەیەدا، ئەمە بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی و قاجارییەکانەوە بوو. (حاجی، ٢٠٠٧: ٩٢).

بەژەوەندییەکانی بەریتانیا لەم ناوچەیە تایبەتن و ڕەگەکانی بە توندی لە پرسە سیاسی و بازرگانی و ستراتیژە جیاوازەکاندا داچەسپاوە. جگە لە ڕەهەندە سیاسییەکە، دۆزینەوەی سەرچاوە سروشتییەکان و لێکۆڵینەوە شوێنەواری و زانستییەکان لەڕێگەی گەڕیدە و کونسوڵەکانەوە ئامرازی سەرەکی بوون بۆ چەسپاندنی هەژموونی بریتانیا( Hamilton, 1909: 188). بەریتانیا لە دوورگەیەکدا دەژی بە کردەوە هیچ کەرەستەی خاو و کشتوکاڵیکی بەرهەمدار لە خۆ ناگرێت تا پێداویستی دانیشتووانەکەی مسۆگەر بکات، لەم دۆخەشدا سیاسەتی بریتانیا ئەوەیە بایەخ بە پرۆسەی داگیرکاری بدات بە تایبەت لە شوێنە بەرهەمدارەکانی وەک کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(Woodhouse, 1959: 9).

پرۆفیسۆر ' ڤینسێنت هارلۆ- Vincent Harlow' ئاماژە بەوە دەکات کە دوو ئیمپراتۆریەتی بەریتانی هەبوون یەکەمیان حکومەتی بەریتانیا بوو کە سیازدە کۆلۆنییەکانی ئەمریکای بەڕێوەدەبرد، دووەمیان کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی (١٦٠٠) دامەزرا، کە هندستانی بەڕێوەدەبرد. دوای لەدەستدانی سیازدە ویلایەتەکە، بەریتانیا ناچار بوو بیرۆکەی نوێ بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی دابڕێژێت، جۆرێک فراوان بوو کە زیانە ئابوورەکانی بەریتانیا لە ئەمریکا و کۆلۆنیە کۆنەکانی هیندستانی ڕۆژئاوا هەستیان پێنەدەکرا( Hoeveler and Cass, 2006: 1).

یەکێک لەو ڕووداوانەی کە بەریتانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێران و کەنداوی فارس و میزۆپۆتامیاش باڵا دەستتر و بەهێزتر کرد و توانیان لەو ڕێیەوە هیندستان پارێزراوتر بکەن، ڕێککەوتن بوو لەگەڵ ئێران لە ساڵی ١٨١٤، ئەم ڕێکەوتنە بناغەی زاڵبونی بەریتانیای بەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دارشت، لەبەندەکانیدا هاتوە کە ئێران هاوکار و یارمەتی بەریتانیا دەکات لە کاتێکدا ئەگەر بەریتانیا پیویستی بێت دژی هەرداگیرکارێك کە مەترسی بێت بۆسەر هیندستان، ئێران هاوکار دەبێت لە ئەگەری شەڕ لە نێوان هیندستان و ئەفغانستاندا و هاوکاری بەریتانیا دەکات، ئەمەش وایکرد ئیدارەی بریتانیا لە هیندستان زیاتر بایەخ بدات بە بەرژەوندییەکانی بەریتانیا لە کەنداوی فارس (سالح، ٢٠٠٩: ١٠٠-١٠٤). لایەکی تریشەوە بەریتانیا بۆ ئەوەی کۆسپەکانی بەردەم ڕێگاکانی لە کەنداوی عەرەبیدا لابدا و کاروباری بازرگانی خۆی ئاسان بکات، لە کۆتایی ساڵی ١٨١٩ زرێککەوتنی لەگەڵ شێخی قەواسمەکان و

ژمارەیەکی تریش کە (١٠) سەرکردەی عەرەب بوون ئیمزا کرا، لێرەوە بەریتانییەکان بوونە هێزی باڵا دەست و زاڵ لە کەنداوی فارسیدا (سالح، ٢٠٠٩: ١٠٥-١٠٧).

ئەو سیاسەت و ستراتیژییەی کە بەریتانیا بەرامبەر پرسی ڕۆژهەڵات بونیادینا، بریتی بوو لە پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەر فراوانخوازییەکی ڕووسیا بگرێت کە ببێتە ناوچەی نفووزی بەریتانیا، ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەری هەبوو لەسەر تێروانین و کاردانەوەی لەسەر پرسی کورد، ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەی کە ماوەی دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدە و ناوەڕاستی دەیەی دووی سەدەی بیست لە کوردستاندا سەریان هەڵدا، لەوانە هەوڵە فراوانخوازییەکانی میرنشینی بابان و هەوڵی محەمەد پاشای میری سۆران لەساڵی ١٨١٤، هەوڵەکانی میرنشینی بۆتان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ساڵی ١٨٢١، و لەباربردنی شۆڕشی یەزدان شێر و جوڵانەوەکەی شێخ عەبدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠، ئینگلیز بۆ دژایەتی و سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانە، هاوکاری و پاڵپشتی دیپلۆماتیکی پێشکەش بە دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری کرد (اسکندر، ٢٠٠٧: ٣٦-٣٨).

دەرکەوتنی محەمەد عەلی لە میسر مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دروست کرد و دەستێوەردانی ئینگلیزی زیاتر کرد. ئەوەی ئەمەی خێراتر کرد، پەیمانی محەمەد عەلی لەگەڵ فەرەنسا و ڕێککەوتنی ڕووسیا و عوسمانی بوو لە ساڵی ١٨٣٣ بۆ داخستنی گەرووە ئاوییەکان. وەڵامی ئینگلیز بریتی بوو لە هێرشی هاوبەش لەگەڵ عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٠ دژی محەمەد عەلی و دەرکردنی لە سووریا و فەلەستین، بەمەش دەوڵەتی عوسمانییان لە ڕووخان ڕزگار کرد. (Rubin, 2012: 994) . لە سەدەی ١٩دا، بەریتانیا خۆی وەک دۆست و پارێزەری دەوڵەتی عوسمانی نیشان دەدا، بەتایبەت لە شەڕی قرمدا کە دژی ڕووسیا جەنگا. ئەم هەڵوێستە وای کرد موسڵمانانی هیندستان بڕوا بە دڵسۆزیی ئینگلیزەکان بهێنن و بەشداریی شەڕەکە بکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی بەریتانیا تەنیا دوورخستنەوەی ڕووسیا و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو لەناو خاکی عوسمانیدا. (Ali, 1993: 740-7401)

لە نێو ناوچەی هەژمونگەرای بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی پێک دەهێنا و دەکەوتە دڵی ئاسیای بچووک، لووسیان ڕامبۆت دەڵێ : ئەم وڵاتە دەتوانێ ڕۆژێک ببێتە سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Rambout, 1947: 11). کوردستان وەک ناوچەیەکی ستراتیژی و دەوڵەمەند و گرنگ پێگەی تایبەتی هەبووە لای بەریتانییەکان، هەر ئەمەشە وایکردووە کە داوا لە دیپلۆمات و سیاسی و ئەفسەرو گەڕیدە و بازرگانەکانی کردووە بۆکۆکردنەوەی زانیاری و دۆزینەوەی ئامرازی جۆراوجۆر، بۆ بەهێزکردنی نفووزی بەریتانیا لەوێ، ئەمانە توانیان زانیاری لەسەر لایەنی جوگرافی و کۆمەڵاتی و ئایینی و کولتووری بە دەست بهێنن و لە چوارچێوەی کتێب و ڕاپۆرت و نامە و یاداشتدا تۆماربکرێن، ئامانجی سەرەکیش لەم هەوڵانەی بەریتانیا کارکردن بۆ کۆنترۆڵکردن و جێگیرکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکە، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوتە ئابوری و سیاسی و سەربازییەکانی (البیاتی، ٢٠١٠: ٥١).

لەم سۆنگەیەوە بوو بەریتانیا بڕیاری دامەزراندنی لقی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی لە بەغداد دا لە ١٧٩٨ (حاجی، ٢٠٠٧: ٦٨)، لە ڕێگای ئەم کۆمپانیایە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە کەوتنە گەڕان و پشکنین بە کوردستاندا دکتۆرێکی ئەم کۆمپانیایە لە ڕێگەی کەرکووکەوە خۆی گەیاندە ماردین. لە ساڵی ١٨٢٠ سەرۆکی کۆمپانیاکە کلۆدیس جیمس ڕیج، گەشتی بە چەندین ناوچەی کوردستاندا کرد و پاش مانەوەی لە شاری سلێمانی، خۆی گەیاندە شاری سنە و نەخشەی چەند ناوچەیەکی کێشا. لە گەشتنامەکەشیدا باسی لە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان کردووە (مەزهەر، ٢٠٢٢: ١٢-١٤).

بەرهەم و کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی بە شێوەکی گشتی تا سەدەی نۆزدە بەشێکی زۆر کەمیان تەرخان کراون بۆ کورد، بەڵام لەو سەدەیە بە دواوە چەند سەفەر و گەڕانێکی خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ تایبەت کرد بە کورد و لە بارەی مێژووی کولتوور و زمان و نەژاد و جوگرافیاکەیەوە چەندین بەرهەم دەرکەوتن. هەروەها بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و زیادبوونی موژدەدەرەکان، لە ڕێگەی سەرهەڵدان و دەر کەوتنی بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان کە بووە جێگەی سەرنجی بەریتانیا (پیربال، ٢٠٢٠: ٣١-٣٣). لایارد وەک کەسایەتییەکی سیاسی، زانا و شوێنەوارناسێکی بەریتانی لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٥-١٨٥١ بەهۆی کاری پشکنینەوە، جگە لە باسی گرنگی بەرهەم وسەرچاوە سروشتییەکان، باس لە کردنەوەی چەند ڕێگایەک دەکات کە بە کوردستاندا تێدەپەڕێت (حاجی، ٢٠٠٧: ٧٣). فەرانس ڕیچارد ماونسێڵ کە سیخوڕ و دیپلۆماتکار و جوگرافی ناسێکی بەریتانی بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردووە، زانیاری زۆری لە بارەی زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەریقەت و شێخایەتی و بەگەکانەوە باسکردووە، جگە لە دەرخستنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی کە دەکرێ لە بازرگانیدا سوودیان لێ وەربگیرێت. ماونسێڵ کە لە بواری نەخشەسازیشدا کەسێکی بە توانا بووە سنووری کوردستانی بە شێوەیەکی زۆر ورد لە نەخشەیەکدا دیاری کرد(Maunsell, 1890: 165-168).

یەکێک لەو گەشتانەی کە ڕۆڵی ئاشکرای هەبوو لە ناساندنی کورد و کلتوورەکەی گەڕانی مێجەرسۆن بوو بە کوردستاندا، پاشان مانەوەی ساڵێک لە کرماشان لە ساڵانی ١٩٠٦-١٩٠٧ زمانی کوردی باش فێر بوو بوو، سۆن لەبارەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، جوگرافیایی، زمان و زۆر لایەنی تری کوردستانەوە چەند بڵاوکراوەیەکی هەیە (سۆن، ٢٠١٨: ٨-١٠). مارک سایکس لە ١٩٠٨ گەشتێکی بە کوردستان دا کردووە، زانیارییەکی زۆری لەبارەی هۆزەکانی کورد کۆکردووەتەوە و شوێنی نیشتەجێبوونیشیانی لەسەر نەخشەیەک دیاری کردووە، سایکس کە گەشتیار و سیاسەتمەدار و دیپلۆماتیکی ئینگلیز بووە گەشتەکەی بۆ خزمەتی سیاسەتی وڵاتەکەی بووە کە چۆن بتوانێ کوردستان بکەنە بەشێک لەژێر دەستەی کۆلۆنی خۆیان (Sykes, 1908: 451-486). بەریتانیەکان جگە لەو بوارانەی کەپێشتر باسمان کرد، کەسانی شارەزا و پسپۆڕیان لە بواری جیۆلۆجی نارد تا پشکنین بکەن بۆ دۆزینەوەی کانزاکان، بۆ ئەمەش چەندین ڕاپۆرتی جیۆلۆجیان لەسەر زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان کۆ کردووەتەوە، وەک سلێمانی و ڕواندز و کەرکوك و دوزخورماتوو (India Office Records and Private Papers, 1917: 1-11).

بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە دەیەکانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە پلەی یەکەم لە میزۆپۆتامیا و کەنداوی فارس چڕ بوویەوە و بازرگانی و باڵادەستی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا ڕێگری لێ نەکرا، لۆرد کورزۆن کە جێگری پاشای هیندستان بوو لە ١٩١١ ڕایگەیاند کە کەنداو بەشێکە لە سنووری دەریایی هیندستان و ڕێگە بە گەشەی هیچ ڕکابەرێکی تر نادەین، بەتایبەت ئەڵمانەکان کەتازە دەرکەوتبوون، میکانیزمی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بەرامبەر بە ئیمپراتوریەتی عوسمانی تا ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەڕێگەی کاری دیپلۆماسیەوە بوو، کە بەرپرس بوون لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە عوسمانی، ئەوەش لە ڕێگەی باڵیۆزەکانیان لە ئەستەمبوڵ کە پێویست بوو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بەرەو پێش ببەن. یەکێک لەوانە سێر پێرسی کۆکس بوو کە لە خزمەتی حکوومەتی هیندستاندا لە ماوەی ساڵان ژیانی لە کەنداوی فارس و میزۆپۆتامیا ناوێکی ناوازەی هەبوو، بەتایبەت ئەو کاتەی لە مەسقەت و بووشەهر و تاران و میزۆپۆتامیا بوولە ساڵانی ١٨٩٩-١٩٢٣دا (Kent, 1996: 165-169).

ساڵانی پێش جەنگی یەکەم بریتانیا لە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت بوو، کە ئایا دەوڵەتی عوسمانی بە هاوپەیمانی یان دوژمنایەتی یان بە بێلایەنی بزانێت (Rayburn, 2002: 62). لەو یاداشتەی بە شی سیاسی ئۆفیسی هیندستان نووسیویانە هاتووە کە شەڕی بەریتانیا لەگەڵ عوسمانی ناتوانرێت پرسێکی لاوەکی بێت، وە ئاشکرایە شکستپێهێنانی عوسمانی مانای شکستهێنانی ئەڵمانیا نییە، بەڵام شکستپێهێنانی ئەڵمانیا دارمانی دەسەڵاتی سەر بازی عوسمانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەدوای خۆیدا دەهێنێت (India Office, 1916: 3). هەر لەم ڕوانگەوە حکوومەتی بەریتانیا پێی وا بوو بوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی دۆستانە لەگەڵ عوسمانیەکان و ئەنجامدانی چاکسازی تیایدا باشترین پارێزگارییە لە هیندستان، وە پێیان وابوو داگیرکردنی میزۆپۆتامیا جگە لە لەوەی دەبێتە هۆکاری خەرجی زۆر، شەڕیش دژی خەلافەتی عوسمانی دەبێتە هۆی وورووژاندنی موسڵمانەکانی هیندستان (Cohen, 1978: 174-175). لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، گەشەکردنی هێز و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەکەدا بووە جێی گومانی بەریتانیا؛ بەڵام سەرەنجام جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی بە هەموو دەستکەوت و پشکەکانی ئەڵمانیا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا هێنا.

### دووەم: ساڵانی جەنگ ١٩١٤-١٩١٨

لە پێش جەنگدا سیاسەت و ستراتیژی ئینگلیز دژی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی هەر زلهێزێکی تر بوون بۆ ناوچەکە، کە مەترسی بن بۆ ڕێڕەوی ڕێگا گرنگەکانی بازرگانی هەبێ. گۆڕینی سیاسەتی عوسمانی لە بێلایەنییەوە بۆ بەشداری لە جەنگ لە کۆتاییەکانی ١٩١٤دا، پێویستی سەرلەنوێ ئاراستەکردنەوەی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی سیاسی و سەربازیی بەریتانیادا دیاری کرد. هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوجەنگ لە قۆناغی یەکەمدا سەرکەوتنێك بوو بۆ ئەڵمانیا و فراوانبوونی جەنگی بوو بۆ ڕۆژهەڵات و ڕێگای بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی بەشە ئاسیاییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردەوە، بەریتانیا لەگەڵ فەرەنسا هەوڵیدا گەرەنتی بێلایەنی عوسمانی لە جەنگدا بکات (Klieman, 1968: 237-238).

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆ چارەسەرکردن و گەشتن بە بنبەست و دیاریکردنی ئامانج و ستراتیژی سیاسەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لیژنەیەکی ڕاسپارد کە لە کەسانی باڵادەست و بڕیار بەدەست بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانییەکان، لیژنەکە لە(٩) خاڵدا خواستە تایبەتەکانی دارشت و نەخشەیەکی لەو بارەی خستە ڕوو. بە کورتی ناوەرۆکی گرنگترین ئەو خاڵانە باس دەکەین: چەسپاندنی پێگەی بەریتانیا لە کەنداوی فارس، پاداشتی بازرگانی و بازارەکان بۆ بازرگانی، جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە شێخەکانی کەنداو دراون، دابینکردنی ئاسایش بۆ پەرەپێدانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت، پەرەپێدانی دانەوێڵەی میزوپۆتامیا و مانەوەی پێگەی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و کەنداوی فارس (Klieman, 1968: 242-247).

لەو ڕوانگەیەوە لیژنەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بەسرە بخرێتە سەر موڵکەکانی بەریتانیا، لەدوای ئەویش بە هەمان شێوە ویلایەتی بەغدادیش کۆنترۆڵ بکرێت. یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە مارک سایکس بوو، ئاماژەی بەوەدا کۆنترۆڵکردنی بەغداد پێویستی بە وەرگرتنی ویلایەتی موسڵیش دەبێت، چونکە بەبێ موسڵ مەترسی لەسەر بەغداد دروست دەبێت. لە لایەکی ترەوە بە یەکخستنی هەر سێ ویلایەتەکە دەتوانرێت دەرچەیەک بخرێتە سەر دەریای ناوەڕاست و بکرێتە ناوەندێکی شەمەندەفەریش. دواجار دوای لێکۆڵینەوە وردەکان لە هەموو ڕوویەکەوە لیژنەکە هەندێک چارەسەری خستە ڕوو. یەکێك لەوانە بەشکردنی بەشە ئاسیایەکەی دەوڵەتی عوسمانی بوو (Klieman, 1968: 245-246).

دوای بەدەستهێنانی دانپێدانان و پشتیوانی هاوپەیمانی شێخ نشینەکانی کەنداو، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ شەڕ لەگەڵ عوسمانی ڕاگەیەندرا و لە دوای شکستیان هێزی سەربازی لە ٢٢ی تشرینی دووەم داچوونە ناو شاری بەسرەوە. لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە دڵنیایی بە خەڵک درا لە پاراستنیان. دوای داگیرکردنی شارەکە کونسوڵی ئەڵمانیا دەستگیر کرا و نێردرا بۆ هیندستان. بەمەش خەونی ئەڵمانییەکان لەبارچوو، کۆگا گەورەکەی کە بۆ هێڵی بەرلین-بەغدا-بەسرە ب،وو کەوتە دەست ئینگلیزەکان. لەدوای گرتنی شارەکانی دیکەی وەکو ناسریە و عەمارە چەند شوێنێکیتر پێگەی سیاسی و سەربازییان بەهێز کرا. پلانی دواتر داگیرکردنی شاری بەغداد بوو کە مەترسی داگیرکردنی هەبوو لە لایەن ڕووسیاوە. دوای ئەوە لە لایەن ژەنراڵ مۆد، بەربەستەکان تێکشکێندران و ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی ئازاری ١٩١٧ بەغداد داگیر کرا. بە پێی پلانە ستراتیژییەکەی بەریتانیا دەبوو ویلایەتی موسڵیش داگیر بکات. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩١٨ بە پێی ڕێکەوتنی مۆدرۆس لەگەڵ عوسمانیەکاندا، شاری موسڵیش داگیر کرا. ئەگەرچی ئەم ویلایەتە بە پێی ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦ بەر فەرەنسا کەوتبوو. بەم شێوەیە دەستیان گرت بە سەر هەموو عێراقدا (الحسني، ٢٠٠٨: ٦٥-٦٨).

لە دوای کۆتایی جەنگ بە پێی بڕیاری کۆمیتەی دێ بۆنسێن، کە لە لایەن سەرۆک وەزیرانەوە و لە ١٩١٥ دروست کرا کە لە هەموو بەشەکانی دەوڵەت ئەندامی هەبوو، مارک سایکس، کە لە دیارترین ئەندامەکانی بوو دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەڵەمڕەوی عوسمانی سێ بژاردەی لە بەردەم حکوومەتەکەی دانا و دواجار بژاردەی سێیەمی قبووڵ کرد کە بریتی بوو لە هێشتنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و گۆڕینی بۆ چەند یەکەیەکی ئیداری ئۆتۆنۆمی وەك: سووریا و فەلەستین، ئەرمینیا ئەنادۆڵ، دورگەی عەرەب و عێراق، یانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەردوو نـاوچەی بـاکوور و باشـووری میزۆپۆتامیـا. لەدوای تەواو بـوونی جەنگـیش مـارك سایکس، نێردرایەوە بۆ ڕۆژهەڵات بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە (India Office, 1920: 1).

کاتێـک جەنگی یەکەمـی جیهـانی هەڵیگرسـا کـورد هیچ بەرژەوەندێکی نەتەوەیی لەو جەنگەدا نەبوو، وە کەوتە ژێرپێـی زلهێـز و دەوڵەتە تـازە دروسـتبووەکانی نـاوچەکە، ئومێدی کـورد بۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی لە سـایەی بەریتانیـادا بەتین بـوو. دوای داگیرکردنـی بەغدا لە ١٩١٧، ئینگلیز ئامانجی ئەوە بوو کە چەند پێیان بکرێ ویلایەتـی موسڵ داگیر بـکەن کە دەوڵەمەندە بە نەوت، لە سەرەتاوە شاری خانەقین و کفرییان داگیرکرد، مێجەر سۆن یـان نـارد بۆ پەیوەندی کردن بە سەرکردە کوردەکانەوە، لە دوای ئاگر بەستی مۆدرۆس لـە ١٩١٨، چوونە نـاو شـاری موسـڵەوە پاشـان کەرکـووک و هەولێریشـیان داگیـر کـرد. لەو کاتەشـدا شـێخ مەحمـودی چەنـد جارێـک پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە کردبوو، لە وەڵامدا ئینگلیز مێجەر نوئێلیان بۆ سلێمانی ڕەوانە کردووە و شیخ محمودیان وەك حاكمی سلێمانی دانا (عیسا، ٢٠١٤: ٥٠-٥٩).

لە دوای پاشەکشەی سوپای ڕووسیا لە ناوچەکە بە هۆی شۆڕشـی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئینگلیزو هێزەکانیتر کەوتنە دووبارە دابەشکردنەوەی میراتی عوسمانییەکان کە کوردستان بەشێک بـوو لێی، ئینگلیزەکان پێشتر ڕازی بوون تەنها کەرکووکیان پێ بدرێت، بەڵام دواتر بە زەبری هێز ویسـتیان بەشـی هەرە زۆری خـاکی کـوردستان داگیـر بـکەن (بورکـای، ٢٠٠٨: ٥٥٦). بەڵام بەشێك لە خـاکی کـوردستان بەدەسـتی فەرەنسـیەکانەوەبوو، ئینگلیـز لە سـەرەتاوە نەیـان تـوانی بـرۆنە هەمـوو ناوچەکـانی کـوردستان بە تـایبەتی سلێمانی، بـۆیە بە پێویستیان زانـی لە ڕووی سیاسییەوە کۆنترۆڵیان بکەن، بیریـان لە دامەزرانـی حکوومەتێ کردەوە بە سـەرکردایەتی شـێخ مەحمـوود و دەیانویست کەڵـک لە نفوزی شـێخ مەحمـوود وەربگرێـت بۆ جێگرکردنـی هێـزی سـەربازی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەریتانیا لە نـاوچەکە (حیلمـی، ٢٠٢٠: ٧٦). ئەم حکومەتە وەڵامی داخوازی کورد نەبوو تەنها حکوومەتێکی خەیاڵی بوو لە ژێر دەستی خۆیدا تـا بتـوانێ بە هێواشــی ویــلایەتەکە بلکێنێــت بە دوو ویلایەتــی بەغــدا و بەســرە و دەوڵەتــی عێــراق دابمەزرێنێـت، لەسـەر ئەم بنەمـایە دەتـوانین بڵـێن بەریتانیـا یـاری بە بیـرۆکەی کوردسـتانی سەربەخۆ کرد جارێک بۆ ژێر دەستخستنی گەلی کورد و فراونکردنـی نـاوچەی نفوزی سیاسـی و سەربازی خۆی، جارێکی تر بۆ هێشتنەوەی پرسـی کـورد وەک کـارتێکی فشـار بۆ سـەپاندنی مەرج و سیاسەتەکان بە سەر ئەنقەرە و تاران و بەغداد دا (علی، ٢٠٠٨: ٥٦).

**سێیەم: سەردەمی داگیرکاری ١٩١٨- ١٩٣٩.**

دوای ئەو مشـتومڕە زۆرەی لەسـەر چارەنووسـی کوردسـتان لە کـۆنگرێ ئاشـتی ١٩١٩ لە لایەن هاوپەیمانان کرا پشتگیری بەریتانیا بەو ئاراستەیە نەبوو کە بەشە گرنگەکانی کوردستان بخاتە نێو قەوارە کوردییە سەربەخۆکەوە کە لە سیڤەر بڕیاری لێ درا بوو، بە تایبەت ویلایەتـی موسڵ، وە لەو ماوەیەدا باسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەکردبوو (سـەیفەدین، ٢٠١٠: ٦٧) ، چونکە ئینگلیـز نەیاندەویست هیچ ئـاژاوەو تێکچوونێـک لە ئێرانـدا ڕوو بـدات کە دەکەوێتە نـاوچەی بەرژەوەنـدی خۆیـانە، وە نایانەوێت ببێتە مۆڵگەی پلاندانانی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی و تەنـگەژەی ئـابووری، هەر بـۆیە کاتێـک کوردەکـانی ڕۆژهەڵات ئـارەزوی چـوونە پـاڵ شـێخ مەحمووديان دەکرد، ئینگلیزەکـان پێیـان وتن کە ئەوان کارێـک نـاکەن دژی سـەربەخۆی ئێران



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بێت، لەبەر ئەمە ئینگلیز ئەو پارچەیەی کوردستانیان هەر لەبن دەستی ئێران هێشتەوە بەردەوام لە هەوڵی چەسپاندنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بوون تا بەرژەوەندییەکانیان نەبێتە قوربانی (مەنتیك، ٢٠٠٠: ١٣٧).

یەکێک لە پرسە گرنگەکانی کۆنفراسی باڵای ئاشتی پاریس، ١٩١٩ بیرۆکەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕبوو بەسەر وڵاتانی سەرکەوتوودا، سەرۆک وەزیرانی یەکێتیی ئەفریقای باشوور، جان سمویس، ڕایەکی دەربڕی کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بوو ئەم بۆچوونە بەرگێکی نوێی بەبەرکۆلۆنیالیزمدا کرد وناوی لێنا ماندات (الحسنی، ٢٠٠٨: ٨٢-٨٣). ماندات کە بۆ گەلانی بێتوانا لە بەڕێوەبردنی خۆیاندا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەخرانە ژێر چاودێری گەلانی پێشکەوتووتر. ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ مانداتی بەریتانیای بەسەر عێراق سەپاند بەم پێیە ئینگلیز بوو بەشێك لە پێکهاتەی بەڕێوەبردنی ووڵات (الحسنی، ٢٠٠٨: ٩١-٩٢). سێرپێرسی کۆکس کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ ڕاسپێردرابوو بڕواتە عێراق، پێی وابوو بیرۆکەی ماندات و دەوڵەتی ئیجباری لەڕوانگەی خەڵکی عێراقەوە بەکوفر دادەنرێت، بۆیە ئاسایی بوو داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات ولە بری ئەوە بە شێوەی پەیماننامە عێراقییەکان ڕازی بکرێن، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت.

لە ڕووی سیاسییەوە، داهاتووی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بووە مژارێکی سەرەکی لە گفتوگۆکانی ئاشتی و لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەر ١٠ی ئابی ١٩٢٠ دا ڕەنگدانەوەی هەبوو. بەپێی ماددەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە، بڕیار وابوو پرۆژەیەک بۆ حوکمی زاتی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن دابنرێت و مافی داواکردنی سەربەخۆییان لە تورکیا پێبدرێت. تەنانەت پەیماننامەکە ئاماژەی بەوە کردبوو کە هاوپەیمانان ڕێگری ناکەن لەوەی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بە ئارەزوومەندانە پەیوەست بن بەو دەوڵەتە کوردییە ئەگەر دروست بێت ( حسین، ١٩٦٧: ١٢-١٣). بەڵام پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە لە سیڤەر لە لایەن هاوپەیمانان و خودی ئینگلیزەکانیش وەک فاکتەری فشار بوو بۆ سەر تورکیا و ئێران، وە بۆ سازشکردنیش بوو لەگەڵ تورکیا بۆ هەر پەیمانێکی تر کە بە دوای سیڤەردا دێت، جگە لەوەش بۆ بچووکردنەوەی بزووتنەوەی کەمالیش بوو کە تازە لە کوردستانی باکوور دەرکەوتبوون، کە بۆ ئینگلیزەکان جێگەی ترس و نیگەرانی بوو (سەیفەدین، ٢٠١٠: ٧١-٧٢). بۆ ئەمەش مێجەر نوئێلیان ناردە باکوری کوردستان بۆ ئەوەی دژی پروپاگەندەی کەمالییەکان بوەستێتەوە و دۆسایەتی کورد بۆ خۆیان بە دەست بهێنن. هەموو ئەم بایەخ پێدانەش بە کورد لە لایەن بەریتانییەکانەوە تا ئەو شوێنە دەڕۆشت کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت (حیلمی، ٢٠٢٠: ١٨). دوای ئەوەی دانوستانەکانی کۆنگرەی لۆزان دەستی پێکرد بەریتانیا وازی لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هێنا و هەوڵی کورتکردنەوەی داخوازییەکانی کوردیان دا کە تەنها خۆی لە هەندێ مافی ڕۆشنبیری و ئیداریدا دەبینیەوە، ئەوەش زیاتر بۆ ئێران و تورکیا گونجاو بوو (عەلی، ٢٠١٠: ١١٤). ئەو زیاتر چارەنووسی ویلایەتی موسڵی بە لاوە گرنگ بوو کە بیلکێنێت بە عێراقەوە، بەڵام گفتوگۆکانی لۆزان نەیانتوانی ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە و ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلانیان کرد. بەریتانییەکان بۆ بەهێز کردنی پێگە و هەڵوێستی خۆیان لە دانوستانەکاندا لەگەڵ تورکیا شێخ مەحمودیان لە

تاراوگە هێنایەوە بۆ ترساندنی حکوومەتی تورکیا و عەرەبی عێراق تا نەتوانن لە قسەی بەریتانیا دەربچن (قاسملو، ٢٠٢٢: ٦٩). بەڵام کە شێخ لە پابەندییەکانی بەریتانیا دەرچوو ئاسایی بوو پاش ماوەیەك ئینگلیز بڕیاربدات سنورێك بۆ خواستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی شێخ دابنێت، وە لەدوای چارەسەری کێشەی موسڵ و ڕێککەوتنی لەگەڵ تورکیاش کاری بە شێخ نەما و خستیانە دەرەوەی بازنەی سیاسەتی خۆیان (سەیفەدین، ٢٠١٠: ١٦٩).

بەریتانیا بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ کاریگەری خۆی لە عێراق دا جێگیربکات، بیری لەوە کردەوە لە ڕێگای سەپاندنی پاشایەکەوە بتوانێ دۆخەکە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکات، هەم نارەزایەتییەکانی عێراقیش کپ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە و بۆڕێکخستنەوەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ساڵی ١٩٢١ کۆنفرانسێک لە قاهیرە بەسترا، ئامانجی بریتانیا لەم کۆنفراسە پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی بەریتانیا بوو، ئەم ئەرکەش لە ١٤ ی شوباتی ١٩٢١ ز سپێردرا بەوینستون چەرچڵ، وەزیری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، چەرچڵیش پرسی چارەسەرکردنی عێراقی لە ئەستۆ گرت و پێی وا بوو عێراق لە لایەن فەرمانڕەوایەکی عەرەب و پەیماننامەیەکەوە ببەسترێتەوە کە گرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی بەریتانیا بکات، لەوە باشترە کە ڕاستەوخۆ حوکمڕانی عێراق بکرێت (الحسنی، د.ت: ٤٣١-٤٣٢). چەرچڵ نوێنەرانی سەربازی و سیاسی بەریتانیا لە ناوچە کانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیک بانگێش لە کۆنفراسی قاهیرە کە بڕیاریدا بڕیاردرا فەیسەڵ کوڕی حسێن شەریفی مەککە، بکرێتە مەلیکی عێراق (Paris, 1998: 781, 787). لە کاتی دیاریکردنی میر فەیسەڵ وەک کاندید بۆ تەختی پاشایەتی عێراق، کوردەکان وەک لایەنێکی دابەشبوو دەرکەوتن. لە کاتێکدا کوردەکانی موسڵ و هەولێر بە مەرجی هەبوونی کارگێڕییەکی نامەرکەزی دەنگیان بە میر فەیسەڵ دا، کوردەکانی کەرکوک دەنگیان لە دژی دا و سلێمانیش بە تەواوی بایکۆتی ڕاپرسییەکەی کرد ( حسین، ١٩٦٧: ١٩-٢٠).

دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک بە سەر ڕێوڕەسمی دەست بەکار بوونی فەیسەڵ دانوستان لە نێوان لایەنی عێراقی و ئینگلیزەکاندا دەستی پێکرد بۆ بەستنی یەکەمین پەیماننامەی بریتانیا و عێراق ١٩٢٢. مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ بڕیارنامەکانی ئینتیداب یەك دەگرێتەوە کە ڕێگای بەریتانیا ئەدا بەردەوام بێت لە کۆنترۆڵکردنی عێراق. فەیسەڵ بەڵێنی دا لەسەر هەموو بابەتە گرنگەکان ڕاوێژ بە حکوومەتی بەریتانیا بکات بە تایبەت لە بابەتە نێودەوڵەتییەکاندا، وە هەموو بەندەکانی پەیماننامەکە بە جۆرێک دارێژرابون کە حکوومەتی عێراقی لە پرسە گرنگ و هەستیارەکاندا ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئینگلیز وەربگرێت ( Iraq as Great Britain's Ally, 1922: 490-492). تەنانەت لە کاتی دانانی دەستووریشدا هیچ ماددەیەکی ناکۆک نەبێت لەگەڵ بڕگەکانی پەیماننامەکەدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم جارەیان ئینگلیز لە ڕێگەی پەیماننامەوە عێراقی بەستەوە بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە (بغورة، ٢٠١٦: ٥١). بەریتانییەکان هەمیشە لە بیر و پلانی ئەوەدا بوون چۆن بتوانن تەمەنی مانەوە و هەژموونی خۆیان لە عێراقدا درێژ بکەنەوە. بڕیار بوو تەمەنی یەکەم پەیماننامەیان تا ساڵی ١٩٢٨ زیاتر نەبێت.لەو بەرواره چاوەڕوان دەکرا عێراق بە تەواوی سەربەخۆ بێت، بەڵام دوای ئەوەی کۆمەڵگەی گەلان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ ڕای گەیاند کە ویلایەتی موسڵ دەدرێتە

عێراق بە هەمان مەرجی ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا بۆ ماوەیەک درێژ بکرێتەوە. بۆ ئەمەش پەیماننامەیەکی نوێ ئامادە کرا کە ماوەکەی لە ٢٥ ساڵ زیاتر نەبێت، بەڵام کۆتایی دێت ئەگەر زووتر عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی گەلان. بۆ ئەمەش پەیماننامەیەکی تر لە ١٥ی یەکی ١٩٢٦ لە نێوان هەردوو وڵات واژوو کرا کە گرەنتی بەردەوامی مانەوەی ماندات بوو بە سەر عێراقدا. بۆیە لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە وەک فشارێک بۆمەلیك فەیسەڵ بەکار هێنرا و لە ئەگەری رازی نەبونیشی ئەوا ویلایەتەکە لە دەست دەدات (Lybyer, 1928: 759).

ناوچە کوردییەکان لەو سەردەمەدا گۆڕەپانی ململانێی نێوان بەریتانیا و تورکیا بوون. تورکیا هەوڵێکی زۆری دەدا لە رێگەی بانگەشەی ئایینی و نەتەوەییەوە کاریگەری لەسەر هۆزە کوردەکان دابنێت و تەنانەت هێزەکانیان ڕواندزیان داگیر کردبوو. ئەم ململانێیە وایکرد کە دۆخی ناوچە کوردییەکان بە تایبەت ویلایەتی موسڵ تا چەند ساڵێک بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و ببێتە مژارێکی ئاڵۆز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراقدا ( حسین، ١٩٦٧: ١٥). لەدوای چارەسەری کێشەی موسڵ و لکاندنی بەعێراقەوە ڕێکەوتنی بەریتانی و تورکی و عێراقی لە ١٩٢٦ هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ ڕێکخستنی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق لەسەر پرسی سنوور و پەیوەندییە هاوسێیەکانیان قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی و دۆستایەتی دەست پێکرد، پاشان کەوتنە سەرکوتکردنی هەر نارەزایەتی و ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی کورد (عیسا، ٢٠١٤: ١٩٠). دوای ئەمەش بەریتانیا کاری بە شێخ مەحمود نەما و خستیانە دەرەوەی سیاسەتی خۆیانەوە، کاتێک حکوومەتی عێراق پەیمانی ١٩٣٠ لە گەڵ بەریتانیا واژوو کرد، شێخ مەحموود هەستی بەوە کرد بەریتانیا مافی گەلی کوردی زەوت کردووە، دژی پەیمانەکە و حکوومەتی عێراقیش وەستایەوە شەڕ دەستی پێ کردەوە و حکوومەت توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێتەوە. شێخ مەحمووديش ناچار کرا لە ١٩٣١ خۆی ڕادەست بکات و نێردرایە بەغدا (الحمداني، د.ت: ١٠٠). دوای گرتنی شێخ مەحموود حکوومەت هەوڵیدا نفوزی خۆی لە کوردستان بەهاوکاری ئینگلیز جێگیر بکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە هەر هەوڵێکی ئازادی خوازی کورد بگرێت، ئەمجارەیان ڕویکردە ناوچەی بارزان ولەگەڵ شێخ ئەحمەد ڕووبەڕوو بونەوە پاش سەرکەوتنێکی کاتی، حکوومەتی عێراق لە ١٩٣٢ بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بەریتانی پەلاماری کوردستانیان دایەوە ولەلایەن شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانییەوە ڕووبەڕوو بونەوە (الحمدانی، د.ت: ١٠٣).

بە گشتی بۆ حکوومەتی بەریتانیا ئاشکرا بوو کە عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پێشکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە لە ئاسایشی ناوخۆ و دارایی گشتی و تەندروستی و ئیدارەیەکی سەقامگیردا، ئەم دۆخەش ئامادەی دەکات بۆ ئەندامێتی لە کۆمەڵەی گەلاندا لە ساڵی ١٩٣٢دا. لە ١٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٩دا، پاشای عێراق لە بریاری پێشنیاری وڵاتەکەی بۆ ئەندامیەتی لە کۆمەڵەکە ئاگادار کرایەوە و پێشی گوترا پێشبینی دەکرێ پێش ساڵی ١٩٣٢ پەیماننامەیەکی نوێ ببەسترێت بۆ پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکانی داهاتووی هەردوو وڵات (Evans, 1932: 1038). هەروەک چۆن پێشبینی کرا بوو لە ساڵی دواتر و لە ساڵی ١٩٣٠ پەیماننامەیەک لە نێوان هەردوو وڵاتدا بەسترا، کە تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و مانەوەی بەردەوامی بۆ بەریتانیا بوو (Evans, 1932: 1047). وە

دەیانویست لەم ڕێگەوە هیوایەك بدەن بە عێراقیەکان کە دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆدەبن، کاتێکیش عێراق وەك ئەندام وەرگیرا لە ١٩٣٢ تەنها بە ڕواڵەت بوو، کاریگەرییەکانی ئینگلیز بە سەر حکوومەت و وەزیرەکانیشدا هەر مابوو (دیاب، ٢٠١٣: ٩٣). بەریتانیەکان لە نزیکەوە چاودێری جووڵە و ململانی ناوخۆییەکانی عێراقی دەکرد. گرنگ بووبۆ ئینگلیز ئەو کەسایەتیبانەی دەبونە خاوەنی دەسەڵات نەبنە مەترسی بۆ پێگەو بەرژەوندییەکانیان. هەوڵی خۆگونجاندن لە هەر پێشهاتێکی سیاسی و سەربازی دەدا. هەندێک لە سیاسییە دیارەکان مەیلیان بە لای ئەواندا هەبوو، وەك نوری سەعید (تەقوش، ٢٠٢١: ٢٤).

هەروەها ترسی ئینگلیزەکان لە هێزەکانی سۆڤیەت کە لەسەر سنووری عێراق- ئێران بوون، وایکرد پێی باش بێت حکوومەتی عێراق ڕێککەوتنێکی تاکتیکی لەگەڵ بارزانی بکات. نوری سەعیدیش لە کابینەیەکی نوێدا چەند وەزیرێکی کوردی دانا، لەم کاتەشدا سەرەرای دڵنیایی کردنەوەی لەلایەن بریتانیەکانەوە، کەچی تورکیا هەر نیگەرانی پێشهاتەکانی باشووری کوردستان بوو (علی، ٢٠٠٨: ٦٧) ، بۆیە دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی پەیمانی سەعد ئاباد ١٩٣٧ نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان کە لە خاڵێکیدا ڕێک کەوتبوون لەسەر دژایەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد چەوساندنەوەو تواندنەوەی لە هەر بەشێکی کوردستان (هاوار، ٢٠٠٧: ٣٣٥) .

بەگشتی سیاسەتی بەریتانیا تاجەنگی دووەمی جیهانی و دوای جەنگەکەش بەرامبەر بە کورد پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و سەقامگیری دەسەڵاتی پاشایەتی بوو لە بەغدا. بەریتانییەکان بەدرێژایی مانەوەیان لە عێراقدا چیتر پشتگیریان لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان قەوارەیەکی کوردی جیاواز نەدەکرد، چونکە ئەمەیان بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوندییە نەوتییەکانیان و یەکپارچەیی عێراق دەبینی.

**ئەنجام**

١- سیاسەتی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لە میزۆپۆتامیاو کوردستان لە پێش جەنگی یەکەم لەسەر بەرژەوەندییە درێژخایەنە ئابورییەکانی لە کەنداوی فارسیدا خۆی دەبینیەوە، بۆ پاراستنی نەوت و ڕێگای هیندستان، هەر ئەمەش وایکرد بیر لە داگیرکردنی عێراق و کوردستان بکەنەوە کە دەوڵەمەندن بەنەوت و وە ڕێگایەکی گرنگی بازرگانیش بوو بۆیان.

٢- بە پێی و ئەو نەخشەو پلانە ستراتیژییانەی بریتانیەکان جێبەجێیان دەکرد لە پێش جەنگی یەکەم و دوای جەنگیش، دژی هەر ڕاپەرین و ناڕەزایی و جوڵانەوەیەکی سیاسی کورد بوون کە مەترسی ئەخستە سەر بەرژەوەندییەکانیان و هەموو ڕێگاو شێوازێکیان بۆ دامرکانەوەی ئەگرتەبەر، هەندێك جاریش پشتیوانیەکی سەرەتاییان ئەکرد، بۆ فشاروهێنانە ژێرباری هێزو وولاتەکانیتری ناوچاوکە .

٣- بریتانیەکان کارەکتەری سەرەکین لە دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی کوردستان و داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، وە ئەو پەیمان و ڕێکەوتنانەی لەکاتی جەنگ لەگەڵ فەرەنساو ڕوسیا لەلایەك و لە گەڵ دەوڵەتە

نوێیەکانی دوای جەنگ بەستران، لەگەڵ ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی دوای سیڤەریش، فاکتەری سەرەکی دابەشکردنی کوردستان بوون بۆ چوارپارچە.

٤- بەدرێژایی ئەو ماوەی کە توێژینەوەکە باسی دەکات، سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بەپرسی کورد هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، بەردەوام هەوڵی دروستکردنی کێشەو ناکۆکی داوە لە نێوان هۆزو عەشیرەت و میرنشینەکان و جولانەوە سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریەکان، وە هیچ کاتێك نەیویستوە لە پیناوی داواکاریەکانی کورد دا هیچ یەکێك لەووڵاتە داگیرکەرەکان لە خۆی برەنجێنێت، جگەلەوەش دژایەتی هەموو جوڵانەوەو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کوردی کردوە، تەنها لە کاتیدا نەبێت کە پێی وابوە دەبێتە بەربەستی هێزێك، یان تەوژمێکی فکری،یان سودێکی کاتی بۆ ئەو تێدایە .

## لیستی سەرچاوەکان:


[١]W. O. Henderson, "German Economic Penetration in the Middle East 1870-1914", The Economic History Review, (Vol. 18), (No. 1/2), (1948) . https://www.jstor.org/stable/2590262?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents

[٢] کامەران محمد حاجی، کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠-١٩٠٠، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، (چ١)، (٢٠٠٧).

[٣]Angus Hamilton, Problems of the Middle East, London: Eveleigh Nash, Fawside House. Printed by Richard Clay & Sons, Limited, Bread Street Hill, E.C., and Bungay, Suffolk,(1909)

[٤]C. M. Woodhouse, "Britain and the Middle East. Pakistan Horizon", Pakistan Horizon, (Vol. 12), (No. 1), (1959) . https://www.jstor.org/stable/2590262?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

[٥]Diane Long Hoeveler, and Jeffrey Cass, Interrogating Orientalism: Contextual Approaches and Pedagogical Practices, Columbus: The Ohio State University Press, (2006) .
https://books.google.com.bh/books?id=txeSWRJM4YgC&printsec=frontcover&hl=ar#v=onepage&q&f=false

[٦] زەکی ساڵح، ڕیشەی کاریگەریەکانی بریتانیا لە میسۆپوتامیا، و. لە ئینگلیزییەوە، کامل محەمەد قەرەداخی. سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەشید، (٢٠٠٩).

[٧] الدكتور سعد بشير اسكندر، من التخل الى التجزئة سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥- ١٩٢٣، السليمانية، مؤسسة زين، مطبعة شڤان، (٢٠٠٧).

[٨]Avi Rubin, "British Perceptions of Ottoman Judicial Reform in the Late Nineteenth Century: Some Preliminary Insights", Law & Social Inquiry, (Vol. 37), (No. 4), (2012).
https://www.jstor.org/stable/23357598

[٩]Shamshad Ali, "The Ottoman Caliphate and British Imperialism in India", Proceedings of the Indian History Congress, (Vol. 54), (1993).
https://www.jstor.org/stable/44143065

[١٠]Lucien Rambout, Les Kurdes et le Droit: Des textes, des faits, Rencontres, 24. Paris: Les Éditions du Cerf, 29 Boulevard La Tour-Maubourg, (1947) .

[١١] الدكتور عبدالرحمن ادريس صالح البياتی، سياسة بريطانيا تجاه كرد العراق، السليمانة، مطبعة شڤان، (٢٠١٠).

[١٢] دکتۆر کەمال مزهەر، سەرجەم بەرهەمەکانی – دکتۆر کەمال مزهەر، هەولێر، چاپخانەی دانیشفەر، (چ١)، (ب. ١)، (٢٠٢٢).

[١٣] فەرهاد پیرباڵ، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپخانەی تاران، (ب.ش)، (چ.٢)، (٢٠٢٠).

[١٤]F. R. Maunsell, "Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia and Luristan fram Aprill to October 1888", India Office Records and Private Papers, (LOR/L/ps/20/144), (Qatar National Library), (Vol. 1), (No. 79), (1890).
https://www.qdl.qa/en/archive/81055/vdc_100035451478.0x000051

[١٥] مەیجەر سۆن، گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و كوردستان لە بەرگی نادیاردا، و. مینە، سلێمانی، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی یادگار، (چ١)، (٢٠١٨).

[١٦]Mark Sykes, "The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire", The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, (Vol. 38), (1908).
http://www.historyofkurd.com/wp-content/uploads/2016/05/1908-Kurdish-Tribes-Sykes.pdf

[١٧]India Office Records and Private Papers, "Mesopotamia & Kurdistan, Geological Reports", Qatar Digital Library, (Vol. 1), (No. 7–11), (1917).
https://www.qdl.qa/en/archive/81055/vdc_100151508900.0x000083

[١٨]Marian Kent, ed, The Great Powers and the End of the Ottoman Empire, London: Frank Cass, (2nd ed), (1996) .

[١٩]Joel Dawson Rayburn, "The Greatest Disaster: the Failure of Great Britain's ottoman Empire policy, 1914", Master of Arts Thesis, Texas A&M Uniersity, (2002) .

[٢٠]India Office, Political Department, "The War with Turkey, Memorandum by Political Department", India Office Records and Private Papers. Qatar Digital Library, (IOR/L/PS/18/B233), (1916) .

[٢١]Stuart Cohen, "Mesopotamia in British Strategy 1903-1914", International Journal of Middle East Studies, (Vol. 9), (No. 2), (1978) .
https://www.jstor.org/stable/162370

[٢٢]Aaron S. Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915", Journal of Contemporary History, (Vol. 3), (No. 3), (1968) .
ps://www.jstor.org/stable/259708?seq=1

[٢٣] السيد عبدالرزاق الحسنى، تاريخ العراق السياسى الحديث، لبنان، الرافيدين للطباعة والنشر والتوزيع، (ج.١)، (ط.٨)، (٢٠٠٨).

[٢٤]India Office, Review of the Civil Administration of Mesopotamia, London, His Majesty’s Stationery Office (Cmd. 1061), (1920).

[٢٥] د. حاميد مەحموود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق، و. سوارە قەڵادزەیی، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، (ب. ١)، (٢٠١٤).

[٢٦] کەماڵ بورکای، کوردو کوردستان، و. عەلی فەتحی، هەولێر، چاپخانەی منارە، (چ.١)، (٢٠٠٨).

[٢٧] ڕەفیق حیلمی، یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆرشەکانی شیخ مەحمود، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کوردستان)، (چ.١)، (٢٠٢٠).

[٢٨] هادى على، الشعب الكوردى والسياسات الدولية في القرن العشرين، سليمانية، مطبعة سيما، (٢٠٠٨).

[٢٩] بەیار مستەفا سەیفەدین، سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکەی لە سەر کوردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦، و. سەرمەد ئەحمەد، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (چ.١)، (٢٠١٠).

[٣٠] کامەران ئەحمد مەنتیك، کوردستان لە نیوان ململانێی نیودەوڵیتی و ناوچەییدا ١٨٩٠- ١٩٣٢، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (چ.١)، (٢٠٠٠).

[٣١] الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية - الإنكليزية - التركية وفي الرأي العام، بەغداد، مطبعة أسعد، (چاپی دووەم)، (١٩٦٧).

[٣٢] عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی براڤی هاوچەرخی کورد، و. کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی ڕێ نوێ، (چ.١)، (ب. دووەم)، (٢٠١٠).

[٣٣] عبدالرحمان قاسملو، کوردستان و کورد، و. عبداله حسن زادە، هەولێر، چاپخانەی دانیشفەر، (چ.٨)، (٢٠٢٢).

[٣٤] السيد عبدالرزاق الحسنى، الثورة العراقية الكبرى، مؤسسة المحبين، (ط.١)، (د.ت).

[٣٥]Timothy J. Paris, "British Middle East Policy Making after the first word war: the lawrentian and Wilsonian School", The Historical Journal, (Vol. 41), (No. 3), (1998). https://www.jstor.org/stable/2639903



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

[٣٦]" Iraq as Great Britain's Ally", Current History (1916–1940), University of California Press, (Vol. 17), (No. 3), (1922) .
https://www.jstor.org/stable/pdf/45327155.pdf

[٣٧] مريم بغورة، التواجد البريطانى فى العراق ١٩٠١٤ـ ١٩٣٢، جزائر، (ط.١)، (٢٠١٦).

[٣٨]Albert Howe Lybyer, "The New Treaty Between Great Britain and Iraq", Current History (1916–1940), University of California Press, (Vol. 27), (No. 5), (1928).
https://www.jstor.org/stable/pdf/45336030.pdf

[٣٩] حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث من الاحتلال البريطانى حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، ١٩١٥ـ ١٩٥٨، السويد، دار النشر فيشونمديا، (ط.١)، (الكتاب الاول)، (د.ت).

[٤٠]Luther Harris Evans, "The Emancipation of Iraq from the Mandates System", The American Political Science Review, (Vol. 26), (No. 6), (1932) .
https://www.jstor.org/stable/1947698?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents

[٤١] چارلز دیاب، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و. محەمەد حوسێن ئەحمد و عەبدولقادر کەلهور، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (چ٣)، (٢٠١٣).

[٤٢] د. محەمەد سوهەیل تەقوش، مێژوی نوێ و هاوچەرخی عێراق، و. سەربەست جیهاد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، (چ.١)، (٢٠٢١).

[٤٣] محەمەد ڕەسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جیهان، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، (چ.٢)، (بەرگی ٣)، (٢٠٠٧).

List of sources:

[١]W. O. Henderson, "German Economic Penetration in the Middle East 1870-1914", The Economic History Review, (Vol. 18), (No. 1/2), (1948 .( https://www.jstor.org/stack/2590262?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents

[٢]Kamran Mohammed Haji, Kurdistan in the Circle of Eastern Problems 1800-1900, Directorate of Cultural Printing House, (Ch1), (2007.(

[٣]Angus Hamilton, Problems of the Middle East, London: Eveleigh Nash, Fawside House. Printed by Richard Clay & Sons, Limited, Bread Street Hill, E.C., and Bungay, Suffolk,(1909)

[٤]C. M. Woodhouse, "Britain and the Middle East. Pakistan Horizon", Pakistan Horizon, (Vol. 12), (No. 1), (1959.) https://www.jstor.org/stack/2590262?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents

[٥]Diane Long Hoeveler, and Jeffrey Cass, Interrogating Orientalism: Contextual Approaches and Pedagogical Practices, Columbus: The Ohio State University Press, (2006.( https://books.google.com.bh/books?id=txeSWRJM4YgC&printsec=frontcover&hl=ar#v=onepage&q&f=false

[٦]Zaki Saleh, The Roots of British Influence in Mesopotamia, p. Translated from English by Kamil Mohammed Karadakhi. Sulaimani, Kurdology Center, Rashid Printing House, (2009.(

[٧]Dr. Saad Bashir Iskandar, From the Plan towards the Fragmentation of Great Britain's Policy towards the Future of Kurdistan 1915-1923, Sulaimani, Zeen Foundation, Shvan Printing House, (2007.(

[٨]Avi Rubin, "British Perceptions of Ottoman Judicial Reform in the Late Nineteenth Century: Some Preliminary Insights", Law & Social Inquiry, (Vol. 37), (No. 4), (2012 .(
https://www.jstor.org/stable/23357598

[٩]Shamshad Ali, "The Ottoman Caliphate and British Imperialism in India", Proceedings of the Indian History Congress, (Vol. 54), (1993.(
https://www.jstor.org/stable/44143065

[١٠]Lucien Rambout, The Kurds and the Law: Texts, Facts, Encounters, 24. Paris: Les Editions du Cerf, 29 Boulevard La Tour- Maubourg, (1947 .)

[١١]Dr. Abdulrahman Idris Saleh Al-Bayati, British Policy Turned to Iraq, Sulaimaniyah, Shvan Printing House, (2010.(

[١٢]Dr. Kamal Mazhar, All Works – Dr. Kamal Mazhar, Erbil, Danishfar Printing House, (Ch1), (B. 1), (2022.(

[١٣]Farhad Pirbal, Kurds from the perspective of orientalists, Tehran Printing House, (B.Sh), (Ch.2), (2020.(

[١٤]F. R. Maunsell, "Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia and Luristan from Aprill to October 1888", India Office Records and Private Papers, (LOR/L/ps/20/144), (Qatar National Library), (Vol. 1), (No. 79), (1890). https://www.qdl.qa/en/archive/81055/vdc_100035451478.0x000051

[١٥]Major Son, A Journey to Mesopotamia and Kurdistan in Unknown Volume, ed. Mina, Sulaimani, Yadgar Library Publications, (Ch1), (2018.(

[١٦]Mark Sykes, "The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire", The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, (Vol. 38), (1908.(
http://www.historyofkurd.com/wp-content/uploads/2016/05/1908-Kurdish-Tribes-Sykes.pdf

[١٧]India Office Records and Private Papers, "Mesopotamia & Kurdistan, Geological Reports", Qatar Digital Library, (Vol. 1), (Nos. 7–11), (1917).
https://www.qdl.qa/en/archive/81055/vdc_100151508900.0x000083

[١٨]Marian Kent, ed, The Great Powers and the End of the Ottoman Empire, London: Frank Cass, (2nd ed), (1996.(

[١٩]Joel Dawson Rayburn, "The Greatest Disaster: The Failure of Great Britain's Ottoman Empire Policy, 1914", Master of Arts Thesis, Texas A&M Uniersity, (2002 (2002.(

[٢٠]India Office, Political Department, "The War with Turkey, Memorandum by Political Department", India Office Records and Private Papers. Qatar Digital Library, (IOR/L/PS/18/B233), (1916.)

[٢١]Stuart Cohen, "Mesopotamia in British Strategy 1903-1914", International Journal of Middle East Studies, (Vol. 9), (No. 2), (1978.( https://www.jstor.org/stable/162370

[٢٢]Aaron S. Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915", Journal of Contemporary History, (Vol. 3), (No. 3), (1968 .( https://www.jstor.org/stack/259708?seq=1

[٢٣]Al-Sayyid Abdul Razzaq Al-Hassani, Tarikh al-Iraq al-Siasi al-Hadith, Lebanon, Al-Rafidin Publishing House, Vol. 1, Vol. 8, 2008.

[٢٤]India Office, Review of the Civil Administration of Mesopotamia, London, His Majesty's Stationery Office (Cmd. 1061), (1920.)

[٢٥]Dr. Hamid Mahmoud Isa, Kurdish Issue in Iraq, p. Suwara Qaladzeyi, Erbil, Erbil Publishing Directorate, (B. 1), (2014.(

[٢٦]Kamal Burkay, Kurdu Kurdistan, p. Ali Fathi, Erbil, Minara Printing House, (Ch.1), (2008.(

[٢٧]Rafiq Hilmi, Memorandum, Iraqi Kurdistan and Sheikh Mahmoud's Revolutions, Kurdistan Publishing House (Kurdistan Publishing House), (Ch.1), (2020.(

[٢٨]Hadi Ali, Kurdish People and International Politics in the Twentieth Century, Sulaimani, Sima Printing House, (2008.(

[٢٩]Bayar Mustafa Saifeddin, British Policy Towards Turkey and Its Impact on Kurdistan 1923-1926, p. Sarmad Ahmad, Erbil, Rojhelat Printing House, (Ch.1), (2010.(

[٣٠]Kamran Ahmad Mantik, Kurdistan between International and Regional Conflict 1890-1932, Sulaimani, Sardam Publishing House, (Ch.1), (2000.(

[31] Dr. Fazil Hussein, The Mosul Problem: A Study in Iraqi-English-Turkish Diplomacy and Public Opinion, Baghdad, Assad Printing House, (second edition), (1967).

[32] Osman Ali, Some Studies on Contemporary Kurdish Bravi, p. Kamran Jamal Babanzadeh, Re New Printing House, (Ch. 1), (B. 2), (2010).

[33] Abdulrahman Qasemloo, Kurdistan and the Kurds, p. Abdullah Hassanzadeh, Erbil, Danishfar Printing House, (Ch.8), (2022).

[34] Sayyid Abdul Razzaq al-Hasni, The Great Iraqi Revolution, Al-Muhabbin Foundation, Vol.

[35] Timothy J. Paris, "British Middle East Policy Making after the First Word War: The Lawrentian and Wilsonian Schools", The Historical Journal, (Vol. 41), (No. 3), (1998(.).
https://www.jstor.org/stable/2639903

"[36]Iraq as Great Britain's Ally," Current History (1916–1940), University of California Press, (Vol. 17), (No. 3), (1922 (.
https://www.jstor.org/stable/pdf/45327155.pdf

[37] Maryam Baghoura, British Presence in Iraq 19014-1932, Algeria, (vol. 1), (2016).

[38] Albert Howe Lybyer, "The New Treaty Between Great Britain and Iraq", Current History (1916–1940), University of California Press, (Vol. 27), (No. 5), (1928().
https://www.jstor.org/stable/pdf/45336030.pdf

[39] Hamid al-Hamdani, Pages from the History of Modern Iraq from the British Occupation to the Revolution of July 14, 1958, 1915-1958, Sweden, Fishunmedia Publishing House, Vol. (D.T.).

[40] Luther Harris Evans, "The Emancipation of Iraq from the Mandates System", The American Political Science Review, (Vol. 26), (No. 6), (1932).
https://www.jstor.org/stack/1947698?read-now=1&seq=1#page_scan_tab_contents

[41] Charles Diab, A Few Pages of the History of Iraq, ed. Mohammed Hussein Ahmad and Abdulqadir Kalhor, Erbil, Rojhelat Printing House, (Ch3), (2013).

[42] Dr. Mohammed Suhail Taqush, New and Contemporary History of Iraq, p. Sarbast Jihad, Awer Publishing Center, (Ch.1), (2021).

[43] Mohammed Rasul Hawar, Kurds and North Kurdistan from the beginning of history to the Second World War, Sulaimani, Karo Printing House, (Ch. 2), (Vol. 3), (2007).